# من نامەوێ عێراقی بم




کەنەدا / بەفرانباری 200

ئاخر پاش چی ... ؟
کە هەموو چرکەساتە زێرینیەکانی تەمەنم
لە نێو قۆزاخەی ترس و تۆفان و فەنابوون
بەسەر برد .
هەموو وەرزێك ,
هەموو ئێوارانێك و شەوانێك بۆ من هەر خەزان و
لە گەڵ گەڵا بە گەڵای خەونەکانم هەڵدەوەریم .
من لەوەتەی هەم
جۆگەلەی خوێن لەبەرم دەروا و
گەردەلوولێکی وون و کێڵگەیەکی پڕ هاواری
خۆر نەدیوم .
ئەگەر هەموو دەمارەکانی حەزە وەنەوشەییەنانم
بپشکنن
جگە لە دیوارە چەپێنراوەکان و کابووسەکانی مەرگ
چیتر نابینن .
جگە لە مەلۆتکەی خەونە ڕەگاورەنگەکانی نێو گۆرستانی هیواکانم
چیتر نادۆزنەوە .
ئیتر من چاوەڕێی چیتر بم
لەو ناسنامە ڕەشەی کە چەندین ساڵە بێ ویستی خۆم
بۆم کێشراوە .
هەر بەو خەیاڵە شەپۆڵەییانەوە
مەست مەست
بەرەو بیابانەکانی باشوور کەوتمە ڕێ
چاڵە گەورەکانم هەڵدایەوە ,
هەزاران هەزار مرۆڤی ماندوو

ژن , پیاو , پیر و پەککەوتە و منداڵ
کچۆڵەی هەرزەکار ...
هەرهەموویان لە خەوێکی قووڵ قووڵی ئەبەدی دا بوون .
لە گەل گەیشتنی من ,
تێکرا لە خەو راپەرین و هەڵسانەوە
بەرە و لام هاتن ,
چ کەڤاڵێکی جوان و بێ وێنە و سیحراوی بوو .
یەك یەك باوەشیان پێم دا کرد و بۆنیان کردم
فرمێسك لە چاوەکانیان دەهاتە خوار
سیماکانیان گەش گەش پراو پر بوون لە ئومێد
ووتیان تۆ چیت و لە کوێ هاتیت ... ؟
چ بۆنێکی خۆشت لێ دێت .
لە گوڵ و رەیحانەی مەملەکەتەکەی لای خۆمان دەچیت .
هەستم دەکرد ,
مێژوویەکی دوور و درێژی پرا و پر لە سەدە و
لە ئۆقیانووس و کیشوەر ...
لە نێو دڵی ئەم بیابانە رەشە راکشاوە .
لە رامانم شاگەشکەیی و مەراق دەبینرا
فرمێسکم تێکەڵ بە رووباری فرمێسکەکانیان ببوو .
تەزووی خۆشی و سەراسیمەییی
لە بنی پامەوە تا تەوقی سەرم گوزەری دەکرد
ئەم ساتانەم بۆ وەسف ناکرێن
نازانم ئەوە خەون بوو یان خەیاڵ ... ؟
نازانم ئەوە راستی بوو یان حەقیقەت .
بە قورگی پر لە گریانەوە
پەیامەکەی خۆیانیان بۆم خوێندەوە
بە تکاوە داوایان لێم کرد و ووتیان
توخوا نەکەی چیتر عێراقی بیت .
بە کۆڵێك بەڵێن و هیوا گەرامەوە
هەر بە هەمان خەون و خەیاڵ
مەست مەست
بەرە و گۆرستانەکەی هەڵەبجە کەوتمە رێ
گۆر بە گۆرم هەڵدایەوە
هەمان کەڤاڵ و هەمان کەژاوەم بینیەوە
کەڤاڵێکی پرا و پر لە برین
بەڵام جەخار

ئەم جارەیان مرۆڤەکان نابینا بوون .
ئەمانیش بە هەمان تاسە و ئەشقیاوە
باوەشیان پێم دا کرد و ماچیان کردم
لە من و لە ئاسۆ یان دەروانی
ووتیان کورەلاو
ئێمە یەك داوامان لە تۆ هەیە
تکا دەکەین نەکەی چیتر عێراقی بیت
هاوارێکی گەرم گەرم
بە نێو کوچە و کۆلانەکانی هەموو لاشەم
هەروەك بورکان رایهەژاندم
منیش لە نێو ئەم دیمەنە بلێسەییە
چوومە سەر سەکۆیەکەی بەر دەمیان
تا هێزم تیا بوو هاوارم کرد و
ووتم / بەلێن بە ئێوە و بە هەزاران هەزار
مرۆڤە ئەنفالبووەکانی نێو دلە تاریکەکەی بیابان
بەلێن بە هەموو خەونێکی جوان
من نە عێراقیم و نە دەشمەوێ عێراقی بم